https://doi.org/10.26682/hjuod.2022.25.2.5
گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 25، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 77–97، 2022

# كارەساتە سروشتیەكانی عێراق لە میانەی پەرتووكی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير م: 630ك/1233ز)دا

شمال حميد محمد و چيمن هشيار محي
پشكا مێژوو، كولیژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانكۆیا دهۆك، هەرێما كوردستانێ – عێراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولینی: 17 گولانێ، 2022، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 15 تەباخێ، 2022))*

## پوختە

**ئەم ڤەكۆلینە بە ناونیشانی ((كارەساتە سروشتیەكانی عێراق لە میانەی پەرتووكی (الكامل في التاريخ)ی مێژوونووس (ابن الأثير م: 630ك/1233ز)دا ))، مێژوونووسی ناوبراو لەم پەرتووكەدا زانیارییەكی زۆری سەبارەت بە كارەساتە سروشتییەكانی عێراق یاداشتكردووە، یەكێك لەو بەڵایانە وشكەساڵی بووە كە بووەتە هۆی نەهامەتی بۆ دانیشوانی عێراق و خەڵكێكی زۆر بوونەتە قوربانی، هەروەها كارەساتی دیكە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتا و جۆرەكانی نەخۆشی ڕوویداوە كە بووەتە هۆی مردنی ژمارەیەكی زۆری خەڵك.**

**(ابن الأثير) چەندین كارەساتی دیكەی باسكردووە كە كاریگەریی لەسەر ژیانی دانیشتوانی عێراق هەبووە، وەك، بارینی بەفر و تەرزە بە ڕێژەیەكی زۆر بووەتە هۆی لەناوچوونی بەروبوومی میوە و زۆر جاریش كارەساتی مرۆیی لێكەوتۆتەوە. هەروەها زۆر جار لافاو و ڕەشەبا بوونەتە هۆی كارەسات لە عێراق، بە شێوەیەك لە ئاكامی لافاو و ڕەشەبادا زۆر خانووی خەڵك وێرانبوون و خەڵكێكی زۆریش بەهۆیەوە لەناوچوون.**

**(ابن الأثير) چەندین ڕووداوی تری باسكردووە كە كارەساتی لێكەوتۆتەوە لە عێراق، لەوانە، كارەساتەكانی دەرەنجامی بوومەلەرزە، و كارەساتی تریش بەهۆی گرانی و قاتوقڕیی بووە، تا ڕادەیەك لە زۆر بارودۆخدا خەڵك گۆشتی مرۆڤی مردوویان خواردووە، تەنانەت بەهۆی برسێتیەوە ژمارەیەكی زۆری خەڵك مردوون.**

***وشە سەرەكیەكان:*** كارەسات، گرانی و قاتوقڕیی، نەخۆشی و پەتا، وشكەساڵی، بوومەلەرزە، ڕەشەبا، بەفر، تەرزە.

## پێشەكی

ئاشكرایە عێراق [1] هەرێمێكی گرنگ و پربایەخ بوو، هەر لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامی و بەدرێژایی پێنج سەدە ناوەند و ناوجەرگەی خیلافەتی عەباسی بوو، سەرەڕای ئەوەش ئەم هەرێمە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خیلافەتی عەباسی بەیەكەوەبەستبوو، جگەلەوەش هەرێمی عێراق بنكەیەكی هەرە گەورەی ئابووری، بازرگانی، زانستی و ڕۆشنبیری ناوچەكانی مسوڵمانان بوو. بەشێك لە ڕووبەری ئەم هەرێمە بیابان و دەشتایی بوو، هاوكات بەشێكی دیكەی ناوچەیەكی بەپیت و ئاودار بوو و داروەدەوەن بەتایبەت دارخورما سەوزەپۆشیكردبوو، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەمەی دوو ڕووباری گەورە و چەند لق و زێیەكی لە ئامێزدەگرت، ئەم كەش و هەوا جیاوازە لەلایەكی دیكەوە دەبووە ئەگەری ڕوودانی كارەساتی سروشتی وەك وشكەساڵی بەهۆی كەمبارینەوە، و گرانی و قاتوقڕی، و بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییە كوشندەكان، یان زۆربوونی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەبووە هۆكاری نقوومكردن و وێرانكردنی چەندین شار و گوند و ئاوەدانی ئەوانەی

لەسەر کەناری هەردوو رووبار ئاواکرابوون, سەرەڕای چەند کارەساتی دیکەی سروشتی وەك, بوومەلەرزە, ڕەشەبا, بەفر, تەرزە, (ابن الأثیر) زۆرێك لەم چەشنە ڕووداوانەی لە پەرتووکی (الکامل في التاریخ) یاداشتکردووە.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە ئەم کارەساتانە تا چ ڕادەیەك کاریگەریی لەسەر دانیشتوانی عێراق هەبووە, (ابن الأثیر) زۆرێك لەم کارەساتانەی باسکردووە, ڕوون و ئاشکرایە ئەم کارەساتانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی بەجێهێشتووە, لە ئاکامی زۆرێك لەو کارەساناتە ژمارەیەکی زۆری خەڵك بوونەتە قوربانی, سەرەڕای کاوڵبوون و وێرانبوونی خانوو و مولك و ماڵی دانیشتوانی عێراق.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە لە مژارێك بکۆڵێتەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی و باندۆری لەسەر چینەکانی کۆمەڵگەی عێراقی هەبووە و پێشتر کەس بە ووردی لە چوارچێوەی لیکۆڵینەوەیەکی زانستیدا لەم بابەتە نەدواوە. شایانی باسە لەم ڤەکۆلینەیەدا لە هەر کارەساتێکی سروشتیدا بەگوێرەی ریزبەندی ساڵی ڕوودانیان ریزبەندکراون. ئەوەی تێبینی دەکرێت هەندێك لەم کارەساتانە لە قەبارەی خۆیان گەورەتر نیشاندراون، دەتوانین بڵێین هەندێك لە گێڕانەوەکان زێدەڕۆیی زۆریان تێدایە، بە رادەیەك ئەستەمە باوەڕی پێبکرێت. هەروەها بۆ ناساندنی ئەو کەسایەتی و شوێنانەی لە دووتۆی لێکۆڵینەوەکە هاتووە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەو ژێدەر بەستراوە و لە لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکاندا دانراون.

لەکاتی ئامادەکرنی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی چەند گرفتێك بووینەوە, لەوانە, (ابن الأثیر) بە دەگمەن نەبێت, ناوی ئەو مێژوونووسانەی نەهێناوە کە کارەساتەکانی لێوەرگرتووە، بەمەش ئەرکی ئێمەی بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی ئەستەمکرد.

یەکێکی تر لە کێشەکان, مێژوونوسی ناوبراو لە پەڕاوێزی ڕووداوە گرنگەکانی هەموو ساڵێك باسی کارەساتە سروشتییەکانی کردووە, بەمەش لە زۆرێك گێڕاوەکانی بە کورتی لەسەر ئەو ڕووداوانە دواوە, بەمەش تەنیا ئەو ڕووداوانەمان وەرگرتووە کە کارەساتیان لێکەوتۆتەوە.

ئەم ڤەکۆلینە بە سروشتی خۆی بەسەر پێنج تەوەرەدا دابەش دەبێت، هەر تەوەرەیەك چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت، تەوەرەی یەکەم، سەرچاوەی زانیارییەکانی (ابن الأثیر) و رێبازی لە خستنەڕووی کارەساتە سروشتیەکاندا. تەوەرەی دووەم، دوو بابەت لەخۆدەگرێت: یەکەم، کارەساتەکان لە ئاکامی وشکەساڵیدا، دووەم، کارەساتەکانی پەتاو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. گەرچی تەوەرەی سێیەمە تایبەتە بە دوو بابەت: یەکەم, کارەساتەکانی دەرەنجامی بەفر, دووەم, کارەساتەکان لە ئەنجامی تەرزە. تەوەرەی چوارەم، بریتییە لە دوو بابەت: یەکەم, کارەساتەکان بەهۆی لافاو, دووەم, کارەساتەکانی دەرەنجامی ڕەشەبا. تەوەرەی پێنجەم تایبەتە بە دوو بابەت, یەکەم, کارەساتەکان لەئاکامی بوومەلەرزە, دووەم, کارەساتەکان بەهۆی گرانی و قاتوقڕی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەین، ئەم توێژینەوەیە بێ کەموکوڕی نی یە، چونکە بەرهەمی مرۆڤە و هیچ مرۆڤێکیش نموونەیی نییە، جگەلە خودای گەورە کە کەمال و رەهایی لە خۆی دەوەشێتەوە.

## تەوەرەی یەکەم: سەرچاوەی زانیارییەکانی (ابن الأثیر) و ڕێبازی لە خستنەڕووی کارەساتە سروشتییەکاندا

(ابن الأثیر) لە پەرتووکی (الکامل في التاریخ) چەندین شێوازی گێڕانەوەی لە تۆمارکردنی ڕووداوە

سروشتییەکانی عێراق پەیڕەوکردووە، هەندێك کارەسات لەسەردەمی خودی خۆی روویانداوە و تۆماریکردوون، یان لەو خەڵکەی وەرگرتووە کە هاموشۆیان لە نێوان موصڵ و شارەکانی تری عێراق دەکرد، ژمارەیەکی زۆری ڕووداوی کارەساتی لە باوکی خۆی وەرگرتووە (سعداوي، ١٩٦٢م، ص8).

مێژوونووسی ناوبراو لە گێڕانەوەی زۆرێك لەم ڕووداوانەدا سوودی لە سەرچاوەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرەنجە، بە دەگمەن نەبێت, ناوی ئەو مێژوونووسانەی نەهێناوە کە ڕووداوەکانی لێوەرگرتووە، ئەمەش کاری ڤەکۆلەرانی بۆ بەداوچوون بۆ سەرچاوەکانی(ابن الأثیر) ئەستەمکردووە (سعداوي، ١٩٦٢م، ص10).

جیاوازی لەگەڵ مێژوونووسانی پێش خۆی ئەوەیە کارەساتە سروشتییەکانی لە ڕووداوە تایبەتەکان لە هەموو ساڵێك باسکردووە، بە جۆرێك پاش باسکردنی ڕووداوە گرنگەکان لە هەموو ساڵێك بڕگەیەکی تایبەتکردووە بە ناونیشانی (بەبیرهێنانەوەی چەند ڕووداوێك)، ئەم شێوازە لە پەرتووکی مێژوونووسانی پێش خۆی بەدیناکرێت. هەروەها ژمارەیەك لەو کارەساتە سروشتییانەی باسیکردووە لە سەرچاوەکانی پێش خۆی بەدیناکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو زانیارییانەی لە هەندێك سەرچاوە وەرگرتووە کە نەماون.

لەگەڵ ئەوەشدا (ابن الأثیر) لە باسکردنی کارەساتە سروشتییەکانی عێراق سوودی لە چەندین پەرتووکی مێژوونووسانی پێش خۆی وەرگرتووە، یەکێك لەوانە، پەرتووکی (تاریخ الرسل والملوك)ی (الطبري م: 310ك/922ز) کە چەندین ڕووداوی کارەساتی لەو گواستۆتەوە, هەروەها لە دوو ڕووداودا زانیاری لە پەرتووکی (صلة تاریخ الطبري)ی (القرطبي م:369ك/979ز) وەرگرتووە, بە هەمان شێوە لە گێڕانەوەی چەند کارەساتێك سوودی لە پەرتووکی (تجارب الأمم وتعاقب الهمم)ی (ابن مسكویە م: 421ك/1030ز) بینیوە, شایانی باسە بە بەراود لەگەڵ مێژوونووسانی دی, زۆرترین زانیاری لە پەرتووکی (المنتظم في تاریخ الأمم والملوك)ی (ابن الجوزي م: 597ك/1200ز) وەرگرتووە.

## تەوەرەی دووەم: کارەساتەکانی دەرەنجامی وشکەساڵی و پەتاو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی

### (١-2): کارەساتەکان لە ئاکامی وشکەساڵیدا:-

وشکەساڵی یەکێکە لە کارەساتە مەترسیدارەکانی ژینگە, ئەم کارەساتە بەهۆی کەمبارین یان بارینی باران لە کاتێکی نەگونجاو, یان نەبارینی باران ڕوودەدات (ابن قتیبة, ١٣٩٧هـ, ١/١٦٦ ؛ عقیلي, ٢٠٠٣, ص١٦) لە سەرەتادا بارانی چاوەڕوانکراو ناباریێت و کشتوکاڵ دەپوکێتەوە و پاڵپشتی خۆراکی نامێنێت, ئەمەش دەبێتەهۆی لەناوچوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان, لە ئاکامدا برسییەتی, نەخۆشی, مردن و کۆچی بەکۆمەڵ بۆ ناوچەی شێداری لێدەکەوێتەوە, ئەو برسییەتییەی پەیدادەبێت لەسەرخۆترین کارەساتە کە بەسەر خەڵکی ناوچەیەك دێت (هەروتی, ٢٠١٥, ص٨١)

زۆرجار وشکەساڵی بووەتەهۆی کارەسات بۆ دانیشتوانی عێراق و ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەهۆیەوە مردوون، لەساڵی (329ك/940ز)دا وشکەساڵی لە عێراق ڕوویدا، خەڵك لە مانگی (ڕەبیعی یەکەم- کانونی یەکەم) نوێژەبارانەیان ئەنجامدا، بەڵام بارانێکی کەمباری، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گرانی و پەتا، کە زیاتر لە پێنج مانگی خایاند، لە ئاکامدا ژمارەی مردووەکان ئەوەندە زۆربوون، بەبێ شۆردن و نوێژ لەسەرکردن بە کۆمەڵ بەخاکیان سپاردوون (القرطبي، ١٩٦٧م، ص٣٢٥ ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 98/7). پاش نزیکەی بیست ساڵ وشکەساڵیەکی تر لە عێراق ڕوویدا، خەڵکی بەغداد لە مانگی (مەحەڕەمی 348ك - ئازاری 959ز)

نوێژەبارانەیان ئەنجامدا، بەڵام باران نەباری، لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی (رەبیعی یەکەم- ئایار)دا هێرشی کولە دەستیپێکرد، هەموو سەوزە و دانەوێڵەی چێنراویان لەناوبرد، ئەمەش کاریگەری خراپی بۆسەر ژیانی خەڵکی لێکەوتەوە (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 226/7).

پاش زیاتر لە چارەکە سەدەیەك و لەساڵی (377ك/ 987ز)دا وشکەساڵییەکی دیکە لە عێراق هاتەکایەوە، هەرچەندە خەڵك دوو جار نوێژە بارانەیان ئەنجامدا، بەڵام نەبارینی باران بەردەوامبوو، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونی خواردەمەنی و بەرزبوونەوەی نرخەکان (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 421/7). پاش نزیکەی نیو سەدە و لەساڵی (423ك/1031ز)دا مەرگەساتێکی تر ڕوویدا، ئەوەبوو وشکەساڵی عێراق و زۆربەی هەرێم و ناوچەکانی گرتەوە، خەڵك نوێژەبارانەیان ئەنجامدا، بەڵام وشکەساڵیەکە درێژەی هەبوو، لە هەمان کاتدا پەتایەکی دژوار سەریهەڵدا، خەڵك دووچاری نەخۆشی ئاوڵە بوون، ئەوەش بووە هۆی مردنی خەڵکێکی زۆر، تەنانەت نەخۆشیەکە خەلیفە (القائم بأمر الله) (422-467ك/1030/1074ز)شی گرتەوە (ابن الجوزي، 1995م، 222/15 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 754/7).

پاش حەفتا ساڵ وشکەساڵی و مەرگەساتێکی تر لە عێراق هاتەکایەوە، ئەوەبوو لەساڵی (493ك/1099ز)دا لە عێراق بەهۆی وشکەساڵییەوە نرخی دانەوێڵە گرانبوو، نرخی گەنم گەیشتە حەفتا دینار [2] و زۆر جاریش لەو نرخە گرانتربووو، سەرەڕای ئەوەش دەواودەرمان نەما، سەرەنجام خەڵکێکی ئەوەندە زۆر مردن نەدەتوانرا بە شێوەیەکی ئاسایی بە خاك بسپێردرێن، هەندێك جار شەش مردوویان لە یەك دارەبازەدا دەکرد (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 439/8). لە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەك لە نێوان ساڵانی (512-٥٣٤ك - ١١١٨-١١٣٩ز)دا عێراق سێ جار تووشی وشکەساڵی بووەتەوە، کە بووەتە هۆکاری کەمی و گرانبوونی نرخی خواردەمەنی، خەڵك تووشی برسیەتی بوونەوە، تەنانەت لە ناچاریدا کەپەکی ئاردیان خواردووە (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 634/8،٩،١٠٩،٦٩٦).

هەروەها لەساڵی (574ك/1178ز)دا بەهۆی وشکەساڵییەوە عێراق و ناوچەکانی دەوروبەری تووشی مەرگەساتێکی مەترسیدار بوونەوە، کە (ابن الأثیر) ناویناوە (بەبیرهێنانەوەی گرانی و پەتای گشتی)، نرخی دانەوێڵە و خواردەمەنی گرانبوو, برسێتی بڵاوبووەتە و خەڵك گۆشتی مرۆڤی مردوویان خواردووە، هاوکات پەتایەکی گشتی سەریهەڵدا و نەخۆشی سرسام[3] بڵاوبوویەوە، مردنی خەڵك ئەوەندە زۆر بوو نەتوانراوە بەخاك بسپێردرێن، ئەم ڕەوشە نزیکەی ساڵێکی خایاند، پاش ئەوە باران باریوە و ڕەوش ئاسایی بووەتەوە (ابن الجوزي، 1995م، 251/18 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 436/9). (ابن الأثیر) باسی وشکەساڵی ساڵی (621ك/1224ز) لە عێراق دەکات و دەڵێت" بارینی باران ئاسایی نەبوو و بە کەڵکی چاندنی دانەوێڵە نەدەهات، نرخی خواردەمەنی گرانبوو, لەگەڵیدا کولەی زۆر هات و زۆربەی بەروبووم و گژوگیای خوارد، بارودۆخی عێراق بە گشتی ناهەموار بوو (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 387/10).

بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی خرانەڕوو دەتوانین بڵێین, وشکەساڵی نەهانەتی زۆری لێکەوتۆتەوە, کە بووەتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی، بەتایبەتیش دانەوێڵە, ئەمەش برسییەتی و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی لێکەتۆتەوە, لە ئەجامدا ژمارەیەکی زۆری خەڵك مردوون, تەنانەت ڕێژەی مردن گەیشتۆتە ئاستێك نەتوانرێت مردوو بەشێوەی ئاسایی و باو بەخاك بسپێردرێن.

**(٢-٢): كارەساتەكانى پەتا و بڵاوبوونەوەى نەخۆشى:**

پەتا و بڵاوبوونەوەى نەخۆشى يەكێكە لە كارەساتە ديارەكان, هەر نەخۆشييەك بەهۆى ڤايرۆس و بەكتريا و مشەخۆرەكان دروستبيێت و بڵاوبێتەوە (محسوب وأرباب, ١٩٩٨م, ص١٩٥) و نەخۆشيەكە گشتى بێت پێى دەڵێن پەتا (الفراهيدي, د.ت, ٤١٨/٨) و هەر كاتێك ژمارەيەكى زۆرى مرۆڤ لە ناوچەيەكدا تووشى نەخۆشييەك بن پێى دەڵێن پەتا, ئەگەر نەخۆشييەكە لە نێو ژمارەيەكى زۆرى خەڵك لە ناوچەكانى جوگرافى بەرفراوان بڵاوبێتەوە ئەوە دەبێتە پەتايەكى جيهانى (بدر, ٢٠٢١م, ص١١٨٧)

پەتا و بڵاوبوونەوەى جۆرەكامى نەخۆشى لە عێراق يەكێكبووە لە كارەساتە سروشتييەكان, لە سەردەمى (معاوية بن أبي سفيان ٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز)دا و لەساڵى (50ك/670ز)دا لە كوفە پەتا بڵاوبوويەوە، (المغيرة بن شعبة)(4) بەهۆى بڵاوبوونەوەى پەتا, كوفەى بەجێهێشت، بەڵام بەهۆكارى زيادبوونى مەترسى پەتاكە گەڕايەوە شارەكە، هەر بەهۆى ئەو پەتايەوە گيانى سپارد (الطبري، ١٩٦٧م، 232/5 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 59/3). پاش زياتر لە چارەكە سەدەيەك و لەساڵى (80ك/699ز)دا پەتايەكى گشتگير شارى بەصرەى گرتەوە (الطبري، ١٩٦٧م، 325/6 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 481/3). لەدواى حەوت ساڵ پەتايەكى مەترسيدار لە بەصرە بڵاوبوويەوە و مردنى خەڵكى لێكەوتۆتەوە ( ابن الأثير، ٢٠١٢م، 12/4).

لە سەردەمى خەليفە (هشام بن عبد الملك ١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز) عێراق دووجار تووشى پەتا بوويەوە, لەساڵى (١١٤ك/٧٣٢ز)دا شارى واسط تووشى پەتا بوويەوە (الطبري، ١٩٦٧م، 9٠/7 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 2١٥/4). دواى دوو ساڵ پەتايەكى مەترسيدار عێراق و دەوروبەرى گرتەوە، رەوشى شارى واسط لە هەموو ناوچەكانى تر خراپتر بوو (الطبري، ١٩٦٧م، 93/7 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 218/4). هەروەها لەساڵى (١٣٠ك/٧٤٨ز) شارى بەصرە دووچارى پەتا بوويەوە (الطبري، ١٩٦٧م، 401/7 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 387/4).

لەساڵى (167ك/783ز)دا نەخۆشييەكى گشتگير بەغداد و بەصرەى گرتەوە، نەخۆشى كۆكەڕەشە بە شێوەيەكى بەرچاو لەناو خەڵك بڵاوبوويەوە (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 247/5). لە دواى نزيكەى سەدەيەك و لەساڵى (258ك/871ز)دا نەخۆشى كولێرا لە ئاوەدانييەكانى ديجلە دەركەوت، لە ئەنجامدا كارەساتى مرۆيى لێكەوتەوە و ژمارەيەكى زۆرى دانيشتوانى واسط و سامەرا و شوێنى ديكە مردن(الطبري، ١٩٦٧م، 495/9 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 306/6). لە نيوەى سەدەى چوارەمى كۆچى/ دەيەمى زايينى و لەساڵى (346ك/957ز) لە بەغداد و دەوروبەرى نەخۆشييەكانى ئاوسانى قورگ و ماشرا(5)بڵاوبوويەوە، لە ئاكامدا خەڵكێكى زۆر گيانيان سپارد، ژمارەيەكى زۆريش بەهۆكارى جەڵتە (موت الفجأة)وە مردن، ئەو كەسانەى خوێنيان لە دەمارێكى قۆڵيان بەردەدا بەمەبەستى چارەسەركردنى ئەو ئازارە كە بەهۆى خوێن زۆرييەوە دروستدەبوو, شلەمەنيەكى زۆرى گەرم تا ئەنيشكيان دەهاتەخوار و تووشى تايەكى كوشندە دەبوون (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 219/7). پاش زياتر لە چارەكە سەدەيەك و لەساڵى (378ك/988ز)دا بەهۆى بەرزبوونەوەى پلەى گەرما لە بەصرە و بەتائيح، پەتايەكى كوشندە بڵاوبوويەوە كە بووە هۆى لەناوچوونى خەڵكێكى زۆر، تا رادەيەك كۆڵانەكان پربوون لە لاشەى مردوو (ابن الجوزي، 1995م، 329/14 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 424/7).

پاش نزيكەى سەدەيەك و لەساڵى (469ك/1076ز)دا لە عێراق و دەوروبەرى پەتايەكى كوشندە بڵاوبوويەوە كە بووە هۆى مردنى ژمارەيەكى زۆرى خەڵك (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 262/8).

هەروەها لەساڵی (498ك/1104ز)دا نەخۆشی ئاوڵە لە عێراق بڵاوبوویەوە، بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری منداڵ مردن، هاوکات پەتایەکی مەترسیدار بڵاوبوویەوە کە بووەهۆی مردنی خەڵکێکی زۆر (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 514/8).

به پشتبەستن بەو زانیارییانەی خرانەڕوو دەکرێت بڵێین, بڵاوبوونەوەی پەتا و چەندین جۆری نەخۆشی کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر دانیشتوانی عێراق هەبووە و ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە.

## تەوەرەی سێیەم: کارەساتەکانی دەرەنجامی بەفر و تەرزە

**(١-٣) کارەساتەکان بەهۆی بەفرەوە:**

بەفر لە چینە بەرزەکانی هەوا دروستدەبێت, کاتێك بلورە سەهۆڵیەکان گەورە دەبن و قەبارەیان لە (٢,٥سم) تێناپەرێت, لەسەر شێوەی ڕویەکی شەش لا دروست دەبێت, ئەم شێوەیە بە وردە بەفر (پروشە بەفر- الندف) ناودەبرێت, پێویستە پلەی گەرمی نێوان ڕووی زەوی و چینە بەرزەکان نزم بێت بۆ ئەوەی بەفرەکە بگاتەسەر ڕووی زەوی, ئەگەر پلەی گەرمی چینی هەوای ڕووی زەوی لە (٣°س) زیاتر بێت ئەوا بەفرەکە دەتوێتەوە و لەسەر شێوەی باران دەگاتەسەر زەوی, و شێداری یان وشکی بەفر بەستراوەتەوە بە تێپەربوونی بەناو هەوای شێداردا (ابو سمور و غانم, ٢٠١٢ز, ص١٣٩ ؛ غانم, ٢٠٠٩ز, ص٣٦٦)

بارینی بەفری زۆر لە عێراق لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر درەخت و بەروبوومی میوە هەبووە, هەندێك جاریش کارەساتی مرۆیی لێکەوتۆتەوە. لەساڵی (296ك/908ز)دا لە بەغداد لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەفرێکی زۆر باری، کە ئەندازەی گەیشتە چوار پەنجە، سەرمایەکی توندی لەگەڵبوو، داری خورما و زۆرێك لە دارەکان لەناوچوون (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 603/6). پاش نزیکەی سەدەیەك و لە مانگی (ڕەبیعی یەکەمی 398ك- تشرینی دووەمی 1007ز)دا بەفرێکی زۆر لە بەغداد، واسط و کوفە باری، بە شێوەیەك لە بەتائیح [6]هەتا عەبادان[7]بەفر بوو، لە بەغداد نزیکەی گەز[8]ێك باریبوو، نزیکەی بیست ڕۆژ بەفر لەسەر ڕێگاکان مایەوە (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 558/7).

لە مانگی (ذي القعدەی 515ك - کانونی دووەمی 1122ز)دا بەفرێکی زۆر لە هەموو عێراق، بەصرە هەتا تکریت نزیکەی گەزێك باریبوو و پانزدە ڕۆژ لەسەر زەوی مایەوە، ئەوەش بووە هۆی لەناوچوونی چەندین جۆری داری میوەی وەك نارج و لیمۆ (ابن الجوزي، 1995م، 197/17 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، ٦٧٤/8). لەساڵی یەکەمی سەردەمی خەلیفە (الظاهر بأمر الله ٦٢٢-٦٢٣ک/١٢٢٥-١٢٢٦ز)دا دووجار بەفر باری، لە جاری یەکەمدا بارینی بەفر گشتی بووە و لە هەموو عێراق بوو، تەنانەت لە بەصرە و واسط باریبوو، لە جاری دووەمدا، کاریگەریی بەفر بارینەکە زیاتر بووە کە بەهۆیەوە سەرمایەکی بەهێز هاتەکایەوە، تەنانەت ژمارەیەك لە خەڵکی هەژار بەهۆی سەرما و سۆڵی بەفرەوە گیانیان سپارد (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 407/10). لە دووەم ساڵی خیلافەتی (المستنصر بالله ٦٢٣-٦٤٠ک/١٢٢٦-١٢٤٢ز) لە هەموو عێراق بەفر باری زۆر جۆری گوڵ و میوەی لەناوبرد, ئەمەش جێگەی سەرسامیبوو, پێشتر شتی وا نەبیستراو بوو (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 426/10).

به پشتبەستن بەو زانیاریانەی خرانەڕوو دەکرێت ئاماژە بەوەبکەین, بارینی بەفری زۆر بووەتە هۆی لەناوچوونی هەندێك جۆری درەختەکانی میوە و گوڵ, تەنانەت جار هەبووە کارەساتی مرۆیی لێکەوتۆتەوە.

**(٢-٣) کارەساتەکان لە ئاکامی تەرزەوە:**

لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی دڵۆپە ئاوەکان لەگەڵ تەوژمە سەرکەوتووەکاندا بۆ چینەساردەکانی هەوا (نزیکەی -٣٥°س) دڵۆپە ئاوەکان دەیبەستن و تەرزە دروست دەبێت, بەپێی توندی تەوژمە سەرکەوتووەکە قەبارەی تەرزە دەگۆڕێت, قەبارەی تەرزە جیاوازە, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی جار دەگاتە (٢سم), تەرزە بەشێوەی جیاواز دەگاتەسەر زەوی, بەڵام دیاترینیان بریتیە لە شێوەی هێلکەیی و گۆیی (ابو سمور و غانم, ٢٠١٢ز, ص١٤١ ؛ غانم, ٢٠٠٩ز, ص٣٦٤)

بارینی تەرزە یەکێکی تربووە لەو کارەساتە سروشتییانەی عێراق کە(ابن الاثير) یاداشتیکردووە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لە زۆربەی گێڕانەوەدا بە شێوەیەکی ناسروشتی باسی گەورەیی قەبارەی تەرزە دەکات کە بڕواپێکردنی ئەستەمە. لەساڵی (418ك/1027ز)دا لە عێراق تەرزەیەکی زۆر باری، قورسایی هەر دەنکە تەرزەیەك دەگەیشتە ریتڵ[9]ێك یان دوو ریتڵ، بچوکترینیان هاوقەبارەی هێلکە بوو، کە بووە هۆی لەناوچوونی زۆربەی بەروبوومی دانەوێڵە (ابن الجوزي، 1995م، 181/15 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 703/7). ڕوون و ئاشکرایە ئەم گێڕانەوەیە ئاسایی نیە و زێدەڕۆیی تێدایە. جاری وا هەبووە مێژوونووسی ناوبراو درکی بەوە کردووە ئەستەمە خەڵك بڕوا بە هەندێك گێڕانەوە لە بارەی قەبارەی تەرزە بکەن، بۆیە دەیخاتە ئەستۆی مێژوونووسی تر، هەروەکو ئاماژە بەوە دەکات، لە مانگی (ڕەمەزانی 569ك – نیسانی 1174ز) لە بەغداد تەرزە باری کە هاوشێوەی نەبینرابوو، کێشی هەر دەنکە تەرزەیەك حەوت ریتڵ بوو، بە شێوەیەکی گشتی قەبارەی دەنکی تەرزە هاوشێوەی نارنج (لالەنگی) بوو، جگەلەوەی لقوچڵی دارەکانی شکاند, بووەهۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ، تەنانەت خەڵکێکی زۆر بەهۆکاری ئەم تەرزەوە تیاچوون، هەروەکو (ابن الجوزي) لە (مێژوویەکەی) مەبەستی پەرتووکی (المنتظم في تاريخ الملوك والأمم) باسی کردووە (ابن الجوزي، 1995م، 204/18 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 400/9) لەم گێڕانەوەیەدا مێژوونووسی ناوبراو باسەکەی بەسەر مێژوونووس (ابن الجوزي) ساخکردۆتەوە، چونکە هەستی بەوە کردووە باوەڕپێکردنی ئەستەمە, چونکە ناکرێت قەبارەی تەرزە ئەوەندە

گەورە بێت, جگەلەوەش ئەستەمە باوەڕ بەوەبکرێت بەهۆی بارینی تەرزە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ و ئاژەڵ لەناوبچن.

پاش نزیکەی نیو سەدە و لە مانگی (مەحەڕەمی 613ك - ئایاری 1216ز)دا لە بەصرە تەرزەیەکی زۆر باری، لەگەڵ زۆریەکەی قەبارەیان گەورە بوو، بچوکترینیان هاوشێوەی نارنجی گەورە بوو، مرۆڤ شەرم دەکات باسی گەورەترینیان بکات، چڵوپۆپەی دارخورمایەکی زۆری قرتاند (ابن الأثير، ٢٠١٢م، ٢٩٧/10). گومان لەوەدا نیە ئەم گێڕانەوەیەك زێدەڕۆیی تێدایە، هەروە گێڕانەوەی پێشتر هەستی بەوە کردووە بڕواپێکردنی ئەستەمە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی باسکران دەتوانین بڵێین, بارینی تەرزە بووەتە هۆی لەناوچوونی بەروبوومی دانەوێڵە, هەندێک جاریش بووەتە هۆی لەناوچوونی مرۆڤ و ئاژەڵ. شایانی باسە (ابن الأثير) بە شێوەیەکی نائاسایی باسی گەورەیی قەبارەی تەرزە دەکات, جگەلەوەش ناکرێت تەرزە ببێتەهۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ و ئاژەڵ.

## تەوەرەی چوارەم: کارەساتەکان بەهۆی لافاو و ڕەشەبا

**(٤-1) کارەساتەکان بەهۆی لافاو:**

لافاو یەکێکە لە کارەساتە سروشتییەکان کە لە زۆر ناوچەی جیهاندا ڕوودەدات, ( شیخ الربوة, ٧٢٧ك/١٣٢٧ز) لە بارەی لافاوەوە دەڵێت: " کاتێك باران دەبارێتەسەر زەوی, بەهۆیەوە ئاوێکی زۆر کۆدەبێتەوە و ڕێگە دەدۆزێتەوە بۆ ڕۆیشتن و داماڵینی خاك و خاشاك, ئەوە لە خەسلەتی ئاوە برژێت, ئەگەر زەوییەکە گڵیبداتەوە ئەوا ڕێگری دەکات لە ڕژانی, ئەگەر زەوییەکە نەرم وشل بێت ئەوا ئاوەکە دەرژێتەسەر زەوی......" (شیخ الربوة, ١٨٦٥م, ص١٢٥)

بە سروشتی خۆی لافاو بەهۆی باران بارینێکی زۆر لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و لەگەڵیدا هەڵقولانی ئاو بە خێراییەکی زۆر ڕوودەدات (عبدالله, ٢٠٠٣م, ص٣٦٦-٣٦٧) کە زیاتر بێت لەوەی خاك بتوانێت هەڵیمژێت بۆ خوارەوە, ئەمەش دەبێتەهۆی جوڵانی ئاوەکە لە ناوچەی بەرزەوە بۆ ئاراستەی نزمتر, هەرچەندی لێژتر بێت ئەوا توانای داماڵین و کاوڵکردنی زۆرتر دەبێت, هەر شتێك لەسەر ڕێگای هەبێت لە خانوو, مرۆڤ و کەلوپەل رایدەماڵێت, ئەمەش دەبێتەهۆی کارەساتی گیانی و موڵك و ماڵی زۆر (هەروتی, ٢٠١٥, ص٧٠)

لافاو یەکێکبووە لەو ڕووداو و دیاردە سروشتییانەی لەعێراقدا کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە و کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر گوزەرانی دانیشتوانی ئەو سەردەمەی عێراق هەبووە. (ابن الأثیر) باسی زۆرێك لەو لافاوانەی کردووە. لەساڵی (205ك/820ز)دا لە ئەنجامی زیادبوونی ئاوی دیجلە لافاو لە بەغداد دروستبوو، کە بووە هۆی کاولکارییەکی زۆر و ژمارەیەکی زۆر خانوو وێرانبوون (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 515/5). هەروەها لەساڵی (292ك/904ز)دا بەهۆی زیادبوونی ئاوی دیجلە لافاو دروستبوو، لە ئەنجامدا خانووەکانی ڕۆخی رووبار نقومبوون (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 545/6).

لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی خەلیفە (المقتدر بالله ٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز)دا و لە مانگی (شەوالی 319ك - تشرینی یەکەمی 931ز) بەهۆی بارانی زۆرەوە لافاوێکی فراوان دەشتی تکریتی گرتەوە، لە ئاکامدا چوار سەد دوکان و خانوو کەوتنەژێر ئاوەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵك خنکان، ژمارەی مردووەکان ئەوەندە زۆربوو، مسوڵمان و مەسیحی پێکەوە بەخاك دەسپێردران و لەیەك جودانەدەکرانەوە (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 765/6). بە بۆچوونی ئێمە ئەم گێڕانەوەیە زێدەڕۆیی تێدایە, چونکە لەو کاتەدا هیچ ئامارێك نەبووە کە بزانرێت چوار سەد دوکان و خانوو بەهۆی لافاو وێرانبووبن.

لە سەردەمی خەلیفە (الطائع لله ٣٦٣-٣٨١ك/٩٧٤-٩٩١ز)دا بەغداد دووجار تووشی لافاو بوویەوە، لەساڵی (367ك/977ز)دا لە ئەنجامی زیادبوونی ئاوی دیجلە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی بەغداد نقومبوو، هەروەها گۆڕستانی (باب العین) لە ڕۆژئاوای بەغداد کەوتەژێر ئاو، خەریکبوو دانیشتوانی بەغداد تیابچن، پاش ئەوە ئاو کەمیکرد و خەڵك رزگاریانبوو (ابن الجوزي، 1995م، 253/14 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 362/7). پاش سێ ساڵ بەهۆی بارانی زۆر ئاوی دیجلە و فورات زیادیکرد و لافاو دروستبوو، ئەم ڕەوشە سێ مانگی خایاند کە بووە هۆی لەناوچوونی ڕێژەیەکی زۆری دانەوێڵە، سەرەڕای ئەوەش دانیشتوانی ڕۆژئاوای بەغداد لە خنکان نزیکبوونەوە، پاش ئەوە ئاو کەمیکرد و مەترسی نەما (ابن الجوزي، 1995م، 277/14 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 379/7).

لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەیەمی زایینی و لەساڵی (401ك/1010ز)دا ئاوی دیجلە بیست و یەك گەز زیادیکرد، ئەوەش

بووە هۆی لافاوێکی فراوان لە عێراق بە گشتی و بەغداد بە تایبەتی، زۆر شوێن ژێرئاوکەوتن، لەم ساڵەدا بەهۆی زۆری مەترسییەکانی ئەم لافاوە خەڵکی عێراق نەچوون بۆ حەج (ابن الجوزي، 1995م، 77/15 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 574/7). پاش زیاتر لە نیو سەدە و لەساڵی (466ك/1073ز)دا لافاوێکی کارەساتبار لە بەغداد ڕوویدا، بەهۆکاری زیادبوونی ئاوی دیجلە هەموو ڕۆژهەڵاتی بەغداد و هەندێك شوێن لە ڕۆژئاوای بەغداد ژێرئاوکەوتن، سەرەڕای زۆربوونی ئاوی ڕووباری قورج[10]، ئاو لە بەشی ڕۆژهەڵات ئەوەندە زۆربوو لە ئاوەڕۆ و بیرەکانەوە هەڵدەقوڵا، تەنانەت لە دەشتەکانیش لافاو دروستبوو، خەڵکێکی زۆر لەژێر خانووە دارماوەکاندا تیاچوون، بەلەمەکان توند بەسترانەوە, تا ژێرئاو نەکەون، خەلیفە (القائم بأمر الله) بە عەبای بوردەوە نوێژیکرد و پاڕایەوە، (أيتكين السليماني)[11]گەیشتە بەغداد و بە وەزیر (أبي القاسم علي بن الحسن بن مسلمة)ی ڕاگەیاند, کەشتیوانەکان لەکاتی پەڕینەوە ئازاری خەڵك دەدەن، وەزیر بانگیکردن و هەڕەشەی کوشتنی لێکردن و بڕیاریدا کاروبار وەك جاران بەڕێوەبچێت، هەریەکە لە (مقبرة أحمد، مشهد باب التبن) لە ڕۆژئاوای بەغداد نقومبوون، ئاو لە پەنجەرەکانی نەخۆشخانەی (العضدي)[12] چووە ژوورەوە (ابن الجوزي، 1995م، 16/154-155 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 8/247-248). هەروەك ئاشکرایە ئەم لافاوە کاریگەریی زۆری لەسەر دانیشتوانی بەغداد هەبووە، کاربەدەستانی خەلیفە ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی کاریگەریی لافاوەکە لەسەر خەڵك هەبووە. پاش شەش ساڵ بەهۆی زیادبوونی ئاستی ئاوی ڕووباری فورات، لافاوێکی تر لە عێراق ڕوویدا, لە ئەنجامدا قەراغی ڕووباری عیسا [13] هەموو وێرانبوو، هەروەها ئاوی ڕووباری تامەرا [14] زیاتر لە سی گەز بەرزبوویەوە، کە بووەهۆی ڕووخاندنی پردی شارۆچکەی خانەقین (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 8/274).

لە سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەیەمی زایینی و لە مانگی (ڕەبیعی دووەمی 502ك - تشرینی دووەمی 1108ز)دا بەهۆکاری بارانی زۆرەوە ئاستی ئاوی دیجلە زیادیکرد، سەرەڕای پەککەوتنی هاتوچۆ، دانەوێڵەی زستانە و هاوینە ئاو بردی، ئەوەش گرانیەکی مەترسیداری لێکەوتەوە، بە جۆرێك یەك کارە [15]ی ئاردی ڕەش بووە دە دیناری ئیمامی، نان و خواردەمەنی نەمان، خەڵك خورما و پاقلەی سەوزیان دەخوارد، خەڵکی سەواد هەموو مانگی (ڕەمەزان - نیسان) و نیوەی مانگی (شەوال - ئایار) جگەلە گیا و توو هیچی دیکەیان نەخوارد (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 8/873).

لە دوای نیو سەدە لافاوێکی مەترسیدار لە بەغداد ڕوویدا, مێژوونووس (ابن الأثير) ناویناوە (بەبیرهێنانەوەی نقومبوونی بەغداد)، لەساڵی (554ك /1159ز)دا ئاوی دیجلە و قورج لە سەرووی بەغداد, زیادیکرد و کارەساتی زۆری لێکەوتەوە، وەك, تێکدانی شورای بەغداد و نقوومبوونی زۆر شوێنی وەك (قراح ظفر، الاجمة، المختارة، المقتدية، خرابة ابن جردة، الريان، قراح القاضي، قراح أبي الشحم) و هەندێك لە شوێنەکانی (باب الازج، المأمونية، قراح ابن رزين، الظفرية) ژێرئاوکەوتن، بۆ ڕزگاربوون خەڵك بۆ ڕۆژئاوای بەغداد پەڕینەوە، تەنانەت نرخی پەڕینەوە بوو بە چەند دینارێك، خەڵك توانای پارەدانی نەبوو بۆ ئەوەی ڕزگاربێت، پاش ئەوە ئاستی ئاو نزمبوویەوە، لە ئاکامدا شورا و ژمارەیەکی زۆری خانوو کاولبوون، کۆبوونەوەی داروپەردووی خانووەکانی گەڕەکەکان هاوشێوەی گردی نواندبوو، خەڵك بە مەزەندە سنووری خانووەکانی خۆیان دیاریدەکرد، وێرانکاری بەر لای ڕۆژئاوای بەغدادیش کەوت، گۆڕستانی (أحمد بن حنبل) و گۆڕستانی تر ژێرئاوکەوتن، گۆڕەکان

ڕۆچوون و لاشەی مردوو سەرئاوكەوتن، ئەوەش كارەساتێكی زۆر گەورەبوو (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 264-263/9).

پاش دوازدە ساڵ و لە وەرزی بەهاری ساڵی (568ك/1173ز)دا بەهۆی زیادبوونی ئاوی دیجلەوە لافاو لە بەغداد دروستبوو، ئاو گەیشتە گومەز (قوبة)ی (أحمد بن حنبل) و قوتابخانەی (النظامیة) و (رباط شیخ الشیوخ)[16]، خەڵك كاریان لە قایمكردن و پتەوكردنی بەربەستی رووباری قورج كرد، دوای ئەوە ئاو كەمیكرد و خەڵك رزگاریانبوو (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 386/9). پاش ساڵێك و لە وەرزی بەهاردا لە بەغداد لافاو دروستبوو، تەنانەت لە زێرابەكانیش ئاو هەڵدەقوڵی، خەڵكی ترسی نقوومبوون و لەناوچوونیان لەسەربوو، لە ئەنجامدا ژمارەیەكی زۆر خانوو وێرانبوون و ئاو چووە نەخۆشخانەی (العضدي)، پاش ئەوە ئاوەكە دامركایەوە و خەڵك رزگاریانبوو (ابن الجوزي، 1995م، 205-204/18 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 399/9).

لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی كۆچی/ سیازدەی زایینی و لەساڵی (604ك/1207ز)دا بەهۆی زیادبوونی ئاوی دیجلە، ئاو لە (باب كلواذی) چووە خەندەكی بەغدادەوە، خەڵك ترسیان لەوەبوو ژێرئاو بكەون، خەلیفە (الناصر لدین الله 575-622ك/1179-1225ز) گرنگیدا بە بەهێزكردنی خەندەك (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 267/10). ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەهۆی هەوڵی خەلیفەوە لە بەهێزكردنی خەندەكەكە مەترسییەكانی ئەم لافاوە زۆر نەبووە.

پاش شەش ساڵ بەهۆی زیادبوونی ئاوی دیجلە لافاوێكی تر لە بەغداد ڕوویدا، شار لە لێواری نقوومبووندا بوو، خەڵكێكی زۆر كاریان لە پتەوكردنی بەربەستی رووباری قورج كرد، بە مەبەستی رزگاربوون كەشتییان ئامادەكرد، هەموو دارودەستەی خەلیفە (الناصر لدین الله) سواری كەشتی بوون، خەڵك تووشی دڵەڕاوكێ بوون و ترسی لەناوچوونیان لەسەربوو، خەلیفە وتارێكی بۆ خەڵك خوێندەوە و گوتی :"ئەگەر رزگاربوون بە پارە و شتی تر بوایە ئەوا جێبەجێم دەكرد، و ئەگەر بەشەر بوایە ئەنجامم دەدا، بەڵام ئەمە لە لایەن خودای گەورەوەیە و ناگەڕێتەوە" بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی بەغداد مەترسیداربوو، ئاو لە زێراب و بیرەكانەوە هەڵدەقوڵی، زۆر شوێنی وەك (مشهد ابي حنیفة، بەشێك لە رصافة، مزگەوتی الهدی، گوندی الملكیة، الكشك)، ژێرئاوكەوتن، تەنانەت نوێژ لە مزگەوتی (السلطان) ئەنجامنەدرا، بەهەمان شێوە زۆر شوێنی ڕۆژئاوای بەغداد, وەك (رووباری عیسا، الشیطات، باخچەكان، (مشهد باب التین)، گۆڕستانی (أحمد بن حنبل), بەشێك لە دەروازەی بەصرە، خانووەكانی رۆخی رووباری عیسا و بەشێكی زۆری گەڕەكی (قطفتا) كاولبوون (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 312/10). هەروەك ڕوونە كاریگەریی ئەم لافاوە لەسەر خەڵكی بەغداد ئێجگار زۆربووە و زۆربەی شارەكە ژێرئاو كەوتووە.

لە كۆتایی گێڕانەوەكانیدا (ابن الأثیر) ئاماژە بە لافاوێكی شاری بەغداد دەكات, لە مانگی (رەبیعی یەكەمی ٦٢٢ك - ئازاری ١٢٢٥ز) بەهۆی زیادبوونی ئاوی دیجلە بەغداد تووشی لافاو بوویەوە، خەڵك كاریان لە پتەوكردنی بەربەستی رووباری قورج كرد، پاش ئەوە ئاو كەمیكرد و خەڵك رزگاریانبوو (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 312/10).

بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی خرانەڕوو, دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین, ڕوودانی لافاو كارەساتی زۆری لێكەوتۆتەوە, وەك ژێرئاوكەوتنی زۆر شوێن و وێرانبوونی خانوو و بازاڕ و رێگاوبانەكان, لە ئاكامی داڕووخانی تەلارو خانووەكاندا ژمارەیەكی زۆری خەڵك بوون بەژێرەوە و گیانیان لەدەستداوە, تەنانەت لافاو بووەتەهۆی تێكدانی گۆڕستانەكان و

لاشەی مردوو سەر ئاو کەوتوون. کارکردنی دەسەڵات و خەڵك بۆ پتەوکردنی خەندەك و بەنداوەکان و بەربەست و لێواری رووبارەکان، هۆکاربووە بۆ ئەوەی هەندێك لە لافاوەکان نەبنە هۆکاری کارەساتی گەورە.

**(٢-4): کارەساتەکانی دەرەنجامی ڕەشەبا:**

ڕەشەبا هەوایەکی بە ئاسۆیی جوڵاوە کە بەهۆی ئاراستە و خێراییەوە دەناسرێتەوە, تایبەتمەندی با لە ڕووی پلەی گەرما و شێ و ئەو بارە زەپۆشەی لەگەڵیدایە دیاریدەکرێت, خێرایی با و توندییەکەی لە گەردەلوولی بەهێزدا زیاتر دەبێت, هەر کاتێك بای سەر زەوی خێراییەکەی بگاتە (٣٤ عقدە یان ٤٣ عقدە) یان زیاتر ئەو کاتە بە (عاصفة – گێژەلۆکە) ناودەبرێت کە زۆر جار لەگەڵ خویدا باران یان بەفر یان خۆڵ هەڵدەگرێت (غانم, ٢٠٠٩ز, ص١١٨ ؛ هەروتی, ٢٠١٥, ص٧٣-٧٤)

زۆر جار ڕەشەبا بووەتە هۆی کارەسات لە عێراق، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە هەبووە، (ابن الأثير) زۆرێك لەم کارەساتەی تۆمارکردووە. لەساڵی (٢٨٩ك/٩٠٢ز)دا بەصرە گرفتاری ڕەشەبایەکی بەهێز بوویەوە کە ژمارەیەکی زۆری دارخورمای هەڵکەند و چەندین شوێنی شارەکەی دارماند، لە ئاکامی ئەم ڕەشەبایەدا شەش هەزار کەس گیانیان سپارد (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 531/6). بە بۆچوونی ئێمە، مردنی شەش هەزار کەس بەهۆکاری ڕەشەبا زێدەڕۆیی تێدایە، ناکرێت بەهۆی ڕەشەبایەك ژمارەیەکی ئەوەندە زۆری مرۆڤ بمرن.

لەساڵی (٤٢٠ك/١٠٢٩ز)دا ڕەشەبایەکی سەخت هەڵیکرد کە ژمارەیەکی زۆری درەختی هەڵکەند، دار زەیتونێکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی نەهرەوان[17]هەڵکەند و گەیاندیە ڕۆژئاوای شارەدێکە، بە هەمان شێوە دارخورمایەکی هەڵکەند و سێ ماڵ دووریخستەوە، لە هەندێك گونددا سەربانی مزگەوتەکانی هەڵکەند (ابن الجوزي، 1995م، 194/15 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، ٧/726). دیارە ئەم ڕەشەبایە کاریگەریی هەبووە لەسەر ژینگە و داروردەخت و تەلارەکان و بووەتەهۆی هەڵکەندنی درەخت و بانەکان.

پاش زیاتر لە بیست ساڵ و لە سەردەمی خەلیفە (القائم بأمر الله)دا، لە شەوێکی مانگی (ذي القعدەی 441ك – نیسانی 1050ز)دا لە بەغداد ڕەشەبایەکی توندی ڕەشی تاریك هەڵیکرد، کە هاوشێوەی ئاگری داگیرساو بوو لە ئاسمان، پەنجەرەکانی کۆشکی خیلافەی هەڵکەند، خەڵك ترسیان لێنیشت و پەنایان بردەبەر پاڕانەوە و کڕوزانەوە بۆ خودا، پاش ئەوە رەوشەکە هێوربوویەوە و مەترسی نەما (ابن الجوزي، 1995م، 321/15 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 81/8).

لە دوای نزیکەی چل ساڵ و لە شەوێکی مانگی (ڕەبیعی یەکەمی 478ك - تەمموزی 1085ز)دا ڕەشەبایەکی بەهێز لە عێراق هەڵیکرد کە هەورەبروسکەی لەگەڵدابوو، خۆڵێکی زۆر زەوی داپۆشی، بڵێسەی ئاگر لە ئاسماندا بەدیارکەوت، ڕەشەبایەکە ژمارەیەك لە درەخت و دارخورمای هەڵکەند، خەڵك وایانزانی ڕۆژی دوایییە، لە نیوەی شەودا بارودۆخ هێوربوویەوە (ابن الجوزي، 1995م، 239/16-240 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 301/8).

لە سەردەمی خەلیفە (المقتدي بأمر الله ٤٦٧-٤٨٧ك/١٠٣٤-١٠٧٥ز)دا عێراق بە گشتی و بەغداد بە تایبەتی تووشی ڕەشەبای بەهێز و مەترسیدار بوونەوە، لە بەرواری (7ی شەوالی 573ك - 4ی نیسانی 1178ز) لە بەغداد ڕەشەبایەکی مەترسیدار هەڵیکرد، سەرەڕای ئەوەش بوومەلەرزە ڕوویدا، خەڵك تووشی دڵەراوکێ بوون و وا گومانیانبرد ڕۆژی دوایییە، ژمارەیەکی زۆر خانوو دارمان و لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆر مرد (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 432/9). ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕەشەبایە

مەترسییەكەی زۆربووە و تا گەیشتۆتە ڕادەی كاولبوونی خانوو و مردنی مرۆڤ.

له سەردەمی خەلیفە (الناصر لدین الله)دا عێراق تووشی ڕەشەبا بوویەوە، لە مانگی (مەحەڕەمی 592ك- كانونی یەكەمی 1195ز)دا لە عێراق بایەكی توند هەڵیكرد، سورەخۆڵ زەوی داپۆشی، بڵێسەی ئاگر لە ئاسمان بەدیاركەوت، ئەوەش بووە جێگەی مەترسی بۆ خەڵك (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 142/10). لە كۆتا باسی ڕەشەبا هاتووە، لە مانگی (صەفەری 613ك - حوزەیرانی 1216ز)دا ڕەشەبایەكی توند لە بەغداد هەڵیكرد، بەهۆكاری تەپوتۆز خۆڵێكی زۆر باری، درەختێكی زۆری هەڵكەند، خەڵكی لەترسا پەنایانبردەبەر پاڕانەوە، ئەو ڕەوشە لە بانگی خەوتنان تا سێیەكی شەو بەردەوامبوو (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 297/10-298).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بەڵگانەی خرانەڕوو دەكرێت بڵێین, ڕەشەبا كاریگەریی نەرێنی لەسەر ژینگە و درەخت و وێرانكردنی خانوو هەبووە. هەروەها لە ئەنجامی كاولكاریەكانی هەندێك ڕەشەبادا زیانی گیانی هەبووە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەكاتی ڕەشەبا بەهێزەكان و گەردەلوولەكاندا خەڵك وابیریان كردۆتەوە ئەمە تورەیی خودای گەورەیە و وایانزانیوە ئیتر ڕۆژی دواییە, هەر بۆیە پەنایان بردۆتەبەر پاڕانەوە و نزاكردن.

## تەوەرەی پێنجەم: كارەساتەكان لە دەرەنجامی بوومەلەرزە و گرانی و قاتوقڕی

### (١-5): كارەساتەكان لەئاكامی بوومەلەرزەوە:

بوومەلەرزە دیاردەیەكی سروشتییە و كارەساتی زۆری لێدەكەوێتەوە, بەوە پێناسە دەكرێت, وێكهاتنەوەیەكی لەناكاوی توندی ڕووی زەوییە كە هەموو كەلێن و بۆشایی نێوان خۆی پڕدەكاتەوە, ئەمەش بەهۆی جوڵانەوەی خێرایی توێكڵی بەردی دەرەوەی زەوی و دەرپەڕینێكی لەناكاوی وزە هەڵپەستێردراوی نێو ناخی زەوی ڕوودەدات (عبدالله, ٢٠٠٣م, ص٣٥٢ ؛ هەروتی, ٢٠١٥, ص٦١) لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی ئەوەی جووڵەی گەورە لە زەوییدا ڕووبدات كە خەلك لەدووری هەزاران كیلۆمەترەوە هەستی پێبكەن (ابن منظور, ١٤١٤هـ, ٣٠٨/١١ ؛ هەروتی, ٢٠١٥, ص٦١)

بوومەلەرزە یەكێكە لەو كارەساتە سروشتییانەی كە (ابن الأثیر) بایەخیپێداوە و باسی ئەو ناهەمەتییانە دەكات كە بەهۆیەوە بەسەر خەڵكی عێراقدا هاتووە. لەساڵی (346ك/957ز)دا زنجیرە بوومەلەرزەیەكی كاریگەر لە عێراق و چەند ناوچەیەك ڕوویدا، لە ماوەی چل ڕۆژدا چەندین جار بوومەلەرزە ڕوویداوە، چەندین خانوو وێرانبوون بەهۆیەوە ژمارەیەكی زۆری دانیشتوان كەوتنەژێر خانووە روخاوەكان و لەناوچوون (مسكويه، ٢٠٠١م، ج206/7 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 219/7).

لە ماوەی دەسەڵاتی خەلیفە (الطائع لله)دا چەندین جار بوومەلەرزە لە عێراق ڕوویداوە، لە مانگی (ذي الحجەی 363ك - ئەیلولی 974ز) بوومەلەرزەیەكی بەهێز شاری (واسط)ی گرتەوە (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 325/7). پاش پێنج ساڵ، بوومەلەرزەیەكی زۆر ڕوویاندا، كە بەهێزترینیان لە عێراق بوو ( ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 365/7)

بە هەمان شێوە لە نیوەی سەدەی پێنجەمی كۆچی/یازدەی زایینی بوومەلەرزەی كارەساتبار لە عێراق ڕوویداوە، لە مانگی (شەوالی450ك - كانونی یەكەمی 1058ز)دا بوومەلەرزەیەكی گەورە و مەترسیدار عێراقی گرتەوە، كە بەهۆیەوە ژمارەیەكی زۆری خانوو كاولبوون و خەڵكێكی زۆر لەناوچوون (ابن الجوزي، 1995م، 30/16 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 163/8).

پاش زیاتر لە چارەكە سەدەیەك و لەساڵی (479ك/1086ز)دا بوومەلەرزەیەكی بەهێز لە عێراق

ڕوویدا، زۆر ناوچە وێرانبوون، ژمارەیەکی زۆری خەڵك ماڵ و حاڵیی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویانکردە بیابان، دوای هێوربوونەوەی بارودۆخ گەڕانەوە (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 313/8). لە کۆتایی سەردەمی خەلیفە (المستظهر بالله ٤٨٧-٥١١ك/١٠٩٤-١١١٨ز)دا لە بەرواری (9ی ذي الحجەی 511ك - 9ی نیسانی 1118ز)دا بوومەلەرزە لە عێراق و زۆر شوێنی دیکە ڕوویدا، کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری خانوو لە ڕۆژئاوای بەغداد کاولبوون (ابن الجوزي، 1995م، 156/17 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 624/8).

لە ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفە (المسترشد بالله ٥١٢-٥٢٩ك/١١١٨-١١٣٥ز)دا دوو جار لە عێراق بوومەلەرزە ڕوویداوە، لە مانگی (ڕەبیعی یەکەمی 524ك - شوباتی 1130ز) بوومەلەرزەیەکی مەترسیدار لە عێراق و ناوچەی دەوروبەر ڕوویدا و وێرانکاریی زۆری لێکەوتەوە (ابن الجوزي، 1995م، 256/17 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 26/9). پاش پێنج ساڵ بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە عێراق و ناوچەکانی دەوروبەر ڕوویدا، کاولکاریەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا (ابن الجوزي، 1995م، 294/17 ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 70/9). بە هەمان شێوە پاش سێ ساڵ بوومەلەرزەیەکی بەهێز و مەترسیدار هەموو عێراقی گرتەوە، وێرانکارییەکی زۆری لێکەوتەوە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵك تیاچوون (ابن الأثير، ٢٠١م، 98/9). لەساڵی (565ك/ 1170ز)دا ژمارەیە بوومەلەرزەی بەهێز لە عێراق ڕوویدا، کە هاوشێوەی نەبینرابوو (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 352/9).

لە ڕوانگەی ئەو بەڵگانەی خرانەڕوو دەتوانین بڵێین، لە ئەنجامی بوومەلەرزە ژمارەیەکی زۆر تەلار و خانوو ڕووخاون، لە ئاکامی کاولبوونەکان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عێراق مردوون. لەکاتی هەندێك بوومەلەرزەدا خەڵك ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە و ڕوویانکردۆتە شوێنی تر.

**(٢-٥): کارەساتەکان بەهۆی گرانی و قاتوقڕی:**

گرانی پێچەوانەی هەرزانییە، لە ئاکامی بەرزبوونەوەی نرخ ڕوودەدات (ابن سيده، ١٩٩٦م، ٤٣٥/٣) زۆر هۆکاری سروشتی هەن کە دەبنە هۆی گرانی و قاتوقڕی لەوانە، وشکەساڵی، لافاو، یان بەهۆی دابەزینی پلەی گەرما و گەشەنەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵ، یان بەهۆی هۆکارەکانی لەناوچوونی بەروبوومی کشتوکاڵی ڕوویداوە (عقيلي، ٢٠٠٣، ص٢٧) کە لە ئاکامدا نەمان یان کەمبوونی گەنم و جۆ کە بەرهەمی خۆراکی سەرەکی بوون و خواردەمەنی دیکەی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نان، گۆشت، میوەجات و هی دیکە (هەروتی، ٢٠١٥، ص٨١). گرانی و قاتوقڕی کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر دانیشتوانی عێراق هەبووە، لەساڵی (260ك/873ز)دا گرانی لە هەموو ناوچەکانی مسوڵمانان ڕوویدا، نرخی یەك کارەی گەنم لە بەغداد بووە سەد و بیست دینار ئەم بارودۆخە بۆ چەند مانگێك بەردەوامبوو (الطبري، ١٩٦٧م، ٥١٠/٩ ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 318/6). لەسەردەمی خەلیفە (المتقي لله 329-333ك/940-944ز) عێراق تووشی دوو کارەساتی گرانی بوویەوە، لە کارەساتی یەکەمدا، گرانییەکی بەربڵاو ڕوویدا، بە شێوەیەک نرخی چوار ڕیتڵی نان گەیشتە دوو قیراتی[18] ئەمیری نەدارەکان گۆشتی مرۆڤی مردوویان دەخوارد، سەرەڕای ئەوەش کۆلێرا لەناو خەڵك بڵاوبوویەوە و مردنی خەڵك بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 111/7). قاتوقڕی دووەم، لە وەرزی زستان لە بەغداد ڕوویدا، گرانییەکی سەختبووە و یەك قەفیز[19]ی ئاردی ڕەش بە شەست و چەند درهەم[20]ێك فرۆشراوە، سێ ڕیتڵی نانی وشك بە یەك درهەم بوو، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی بارانی لێزمەوە ژمارەیەکی زۆری خانوو وێرانبوون، خەڵکێکی زۆر لەژێر خانووە ڕووخاوەکاندا مردوون،

هاوكات بەهۆكاری زیادبوونی رێژەی دزی و تاڵانی لەلایەن شوێنكەوتووانی (ابن حمدي [21])، بارودۆخ زیاتر ناهەموار بوو, ئەگەر چی خەڵك پێكەوە پاسەوانی خۆیان كردووە، بەڵام چەتەكان ئەوەندە بەهێزبوون، خەڵكەكە توانای بەرەنگاربوونەوەیان نەبووە و بەئاشكرا ماڵی خەڵكیان تاڵاندەكرد، بۆیە (ابن شیرزاد)[22]ی میری میران ناچاربوو لەگەڵیدا رێكبكەوێت و دڵنیایی پێبدات، بەو مەرجەی مانگانە پازدەهەزار دینار لەوەی تاڵانیانكردووە و لەخەڵكیان سەندووە، پێبدات، بەمەش ئەوەندەی دیكە شەرێنگێزی (ابن حەمدي) زیادیكرد، تا لەلایەن بەرپرسی پۆلیسی بەغدادەوە كوژرا (القرطبي، ١٩٦٧م، ص٣٤٣ ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 131/7).

لەساڵی (334ك/945ز)دا قاتوقڕی لە بەغداد هاتەكایەوە، خەڵك گۆشتی مرۆڤی مردوو، سەگ، پشیلەیان دەخوارد، تەنانەت لە هەندێك حالەتدا خەڵك گۆشتی منداڵیان دەخوارد، دانیشتوانی بەغداد بە زۆری دركی خەروب (خرنوك)یان دەخوارد، كە بووە هۆی نەخۆشی ئاوسانی سك، سەرەنجام مردنی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی لێكەوتەوە، تەنانەت بە خاك سپاردنیان ئەستەمبوو, بۆیە سەگ گۆشتی مردووی دەخوارد، بۆ رزگاربوون لەو نەهامەتیە بەناچاری خەڵكێكی زۆر رێگەی هات ونەهاتی كۆچیان بەرەو بەصرە گرتەبەر، زۆربەیان بە دەم رۆشتنەوە گیانیان سپارد، تەنانەت ئەوانەی گەیشتنە شوێنی مەبەست دوای ماوەیەك مردن، تەلار و خانوو بە نان دەفرۆشرا, كاتێ دانەوێڵە گەیشت نرخی خواردەمەنی هەرزانبوو (مسكویە، ٢٠٠١م، 6/126-127 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 170/7) پاش نزیكەی چارەكە سەدەیەك و لەساڵی (3٧٣ك/9٨٤ز) نرخی شتومەك لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر گرانبوو، خواردەمەنیەكان نەمان، ژمارەیەكی زۆری خەڵك لە برسا گیانیان لەدەستدا (ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 403/7).

پاش زیاتر لە نیو سەدە و لەساڵی (439ك/1047ز)دا عێراق تووشی گرانییەكی تر بوویەوە، گرانی لە هەموو وڵاتی عێراق بە تایبەتی لە بەغداد بەربڵاوبوو، خەڵك گۆشتی مرۆڤی مردوویان دەخوارد، هاوكات نەخۆشی كۆلێرا بڵاوبوویەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەكی زۆری خەڵك مرد (ابن الجوزي، 1995م، 308/15 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 65/8). دوای دە ساڵ قاتوقڕییەكی تر لە عێراق ڕوویدا، نرخی دانەوێڵە زۆر گرانبوو، بە شێوەیەك یەك كارەی ئارد بە سی دینار فرۆشرا، كارەیەك لە جۆ و گەنمەشامی بووە هەشت دینار، تەنانەت خەڵك گۆشتی مرۆڤی مردوو، سەگ، و شتی تریان دەخوارد، لەگەڵ ئەوەشدا پەتا بڵاوبوویەوە، مردن ئەوەندە زۆر بوو نەدەتوانرا بە خاك بسپێردرێن، بۆیە لە گۆڕی بەكۆمەڵدا بەخاكدەسپێردران (ابن الجوزي، 1995م، 8/16 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 149/8-150). پاش زیاتر لە نیو سەدە و لەساڵی (517ك/1123ز)دا نرخی خواردەمەنی لە عێراق گرانبوو، بە شێوەیەك نرخی كارەی ئاردی رەش بوو بە شەش دینار و دە قیرات، ئەو گرانیە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و خەڵكێكی زۆر مرد (ابن الجوزي، 1995م، 221/17 ؛ ابن الأثیر، ٢٠١٢م، 690/8).

(ابن الأثیر) زیاتر بارودۆخەكە روونكردەكاتەوەو دەڵێت:" گرانی ئەو ساڵە جیاوازبوو، چونكە هەموو ساڵێك بەهۆی نەبارینی بارانەوە گرانی روویدەدا، بەڵام لەم ساڵەدا هەر لە سەرەتای وەرزی زستان تا كۆتایی بەهار بارانێكی زۆر باری، كەچی هەر كە باران دەباری نرخی كەلوپەل گرانتر دەبوو، ئەوەش شتێكی نامۆ بوو، نرخی یەك مەكوك [23]ی گەنم بووە دینار و قیراتێك، نرخی مەكوكێكی خوێ بووە دە درهەم لە كاتێكدا پێش گرانیەكە بە درهەمێك بوو، بە هەمان شێوە نرخی مەكوكی برنج گەیشتە پەنجا درهەم كە پێش ئەوە بە دوازدە درهەم بوو، نرخی

خواردەمەنی تریش بەم شێوەیە گرانبوون، هۆکاری گرانبوونی نرخی شەکری رەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکەدا ئافرەتان دەیانگوت ئەم نەخۆشییە ساردە, و شەکری رەشیش گەرمە و سوودی هەیە بۆ نەخۆشەکە و بەهێزیدەکات، پزیشکەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی دڵ و دەروونیان بەدوایاندا ڕۆیشتن، ئەوەش نەزانینێکی لە رادەبەدەر بوو، نرخی شتومەك تا سەرەتای وەرزی هاوین بەم شێوەیە مایەوە، کە بووە هۆی نەخۆشی کولێرا، مردن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، تا رادەیەك چەند مردوویەکیان لە دارەبازەیەکدا دادەنا (ابن الأثير، ٢٠١٢م، 406/10).

بە پشت بەستن بەو زانیارییانەی خرانەڕوو، دەکرێت بڵێین, کارەساتی زۆر و مردنی بەکۆمەڵ لە دەرەنجامی گرانی و قاتوقڕی لە عێراقدا ڕوویانداوە, بەهۆکاری گرانی و نەمانی خواردەمەنی خەڵکی پەنای بردۆتەبەر خواردنی گۆشتی مرۆڤی مردوو، سەگ و پشیلە. نەبوونی خۆراك و خواردنی ئاژەڵی نەشیاو بۆ خواردن و گۆشتی مرۆڤی مردوو، هۆکاربووە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتا و خەڵکێکی زۆریش بەوهۆیەوە مردوون.

## ئەنجام

لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا عێراق تووشی چەندین کارەساتی سروشتی بووەتەوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەم کارەساتە سروشتییانە بە چەندین شێواز کاریگەریی نەرێنیان لەسەر دانیشتوانی عێراق هەبووە، (ابن الأثير) لە پەرتووکی (الكامل في التاريخ)دا زۆرێك لەو کارەساتانەی تۆمارکردووە.

لە ئاکامی وشکەساڵی و بڵاوبوونەوەی پەتا و جۆرەکانی نەخۆشی ژمارەیەکی زۆری خەڵك تووشی کارەساتی مەرگ بوونەتەوە. ڕوون و ئاشکرایە بارینی بەفر و تەرزە کارەساتی زۆری لێکەوتۆتەوە، سەرەڕای کاریگەریی لەسەر درەختەکانی میوە، کارەساتی مرۆییشی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە لەگێڕانەوەکاندا دەنکی تەرزە بە قەبارەیەکی ناسروشتی باسکراوە. دروستبوونی لافاو بووەتەهۆی ژێرئاوکەوتن و کاولکاری و خەڵکێکی زۆریش بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە، تەنانەت لافاو کاریگەریی کردۆتەسەر لەناوبردنی دانەوێڵە و خواردەمەنی، لە ئەنجامدا گرانی و قاتوقڕیی لێکەوتۆتەوە، خیلافەت و دامەزراوەکانی و خەڵك ڕۆلیان هەبووە لە کەمکردنەوەی زیانەکانی لافاو ئەویش بەهۆی گرنگیدان بە بەربەست و قایمکاری و تۆکمەکردنی لێواری رووبارەکان. ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕەشەبا کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر ژینگە و ژیانی مرۆڤ هەبووە.

هەروەها بوومەلەرزە کاریگەریی زۆری هەبووە و کاولکاری بەدوای خۆیدا هێناوە و خەڵکێکی زۆری کوشتووە. لە ئەنجامی گرانی و قاتوقڕی کارەساتی مرۆیی ڕوویداوە و خەڵك ناچاربووە گۆشتی مرۆڤ و شتی تر بخوات و ژمارەیەکی زۆریش مردوون، هەر بەهۆی گرانی پەتا بڵاوبۆتەوە و خەڵکێکی زۆر بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە.

## پاشكۆ

### سەرچاوەی زانیارییەكانی (ابن الأثیر) لە خستنەڕووی كارەساتە سروشتییەكان

| ژ | جۆری کارەسات | ساڵی ڕوودان | الكامل في التاريخ | تاريخ الرسل والملوك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گرانی و قاتوقڕی | (260ك/873ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 318/6 | الطبري، ١٩٦٧م، 510/9 |
| ٢ | پەتاو و نەخۆشی | (50ك/670ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 59/3 | الطبري، ١٩٦٧م، 232/5 |
| ٣ | پەتاو و نەخۆشی | (80ك/699ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 481/3 | الطبري، ١٩٦٧م، 325/6 |
| ٤ | پەتاو و نەخۆشی | (١١٦ک/7٣٤ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 218/4 | الطبري، ١٩٦٧م، 93/7 |
| ٥ | پەتاو و نەخۆشی | (١١٤ک/7٣٢ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 215/4 | الطبري، ١٩٦٧م، 90/7 |
| ٦ | پەتاو و نەخۆشی | (١٣٠ک/٧٤٨ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 387/4 | الطبري، ١٩٦٧م، 401/7 |
| ٧ | پەتاو و نەخۆشی | (258ك/871ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 306/6 | الطبري، ١٩٦٧م، 495/9 |
| | | | **الكامل في التاريخ** | **صلة تاريخ الطبري** |
| ٨ | وشكەساڵی | (329ك/940ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 98/7 | القرطبي، ١٩٦٧م، ص٣٢٥ |
| ٩ | گرانی و قاتوقڕی | (3٣٢ك/٩٤٤ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 131/7 | القرطبي، ١٩٦٧م، ص٣٤٣ |
| | | | **الكامل في التاريخ** | **تجارب الأمم وتعاقب الهمم** |
| ١٠ | گرانی و قاتوقڕی | (334ك/945ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 170/7 | مسكويه، ٢٠٠١م، 6/126-127 |
| ١١ | بوومەلەرزە | (346ك/957ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 219/7 | مسكويه، ٢٠٠١م، ج206/7 |
| | | | **الكامل في التاريخ** | **المنتظم في تاريخ الأمم والملوك** |
| ١٢ | وشكەساڵی | (423ك/1031ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 754/7 | ابن الجوزي، 1995م، 222/15 |
| ١٣ | وشكەساڵی | (574ك/1178ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 436/9 | ابن الجوزي، 1995م، 251/18 |
| ١٤ | گرانی و قاتوقڕی | (٤٤٩ك/11٥٧ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م،149/8-١٥٠ | ابن الجوزي، 1995م، 8/16 |
| ١٥ | گرانی و قاتوقڕی | (439ك/1047ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 65/8 | ابن الجوزي، 1995م، 308/15 |
| ١٦ | گرانی و قاتوقڕی | (517ك/1123ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، ٦90/8 | ابن الجوزي، 1995م، 221/17 |
| ١٧ | لافاو | (367ك/977ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 362/7 | ابن الجوزي، 1995م، 253/14 |
| ١٨ | لافاو | (3٧٠ك/9٨١ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 379/7 | ابن الجوزي، 1995م، 277/14 |
| ١٩ | لافاو | (401ك/1010ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 574/7 | ابن الجوزي، 1995م، 77/15 |
| ٢٠ | لافاو | (466ك/1073ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 247/8-248 | ابن الجوزي، 1995م، 154/16-155 |
| ٢١ | لافاو | (56٩ك/1170ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 399/9 | ابن الجوزي، 1995م، 204/18-205 |
| ٢٢ | بوومەلەرزە | (450ك/ 1058ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 163/8 | ابن الجوزي، 1995م، 30/16 |
| ٢٣ | بوومەلەرزە | (511ك/ 1118ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 624/8 | ابن الجوزي، 1995م، 156/17 |
| ٢٤ | بوومەلەرزە | (524ك/ 1130ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 26/9 | ابن الجوزي، 1995م، 256/17 |
| ٢٤ | بوومەلەرزە | (52٩ك/113٥ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 70/9 | ابن الجوزي، 1995م، 294/17 |
| ٢٦ | ڕەشەبا | (441ك/1050ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 81/8 | ابن الجوزي، 1995م، 321/15 |
| ٢٧ | ڕەشەبا | (478ك / 1085ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، ٣٠١/8 | ابن الجوزي، 1995م، 239/16-240 |
| ٢٨ | ڕەشەبا | (٤٢٠ک/١٠٢٩ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 726/7 | ابن الجوزي، 1995م، 194/15 |
| ٢٩ | بەفرو تەرزە | (418ك/1027ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 703/7 | ابن الجوزي، 1995م، 181/15 |
| ٣٠ | بەفرو تەرزە | (515ك/ 1122ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 674/8 | ابن الجوزي، 1995م، 197/17 |
| ٣١ | بەفر و تەرزە | (569ك/1174ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 400/9 | ابن الجوزي، 1995م، 204/18 |
| ٣٢ | پەتا و نەخۆشی | (378ك/988ز) | ابن الأثير، ٢٠١٢م، 424/7 | ابن الجوزي، 1995م، 329/14 |

## پەڕاوێز

[1]هەرێمی عێراق: ئەم هەرێمە ڕووبەرێکی فراوانی هەبووە, لەسەردەمی خیلافەتی عەباسی سنووری هەرێمی عێراق لەلای جوگرافیناسەکانی ئیسلامی بەم شێوەیە دیاریکرابوون, لە عەبادان لە باشورەوە تا (حديثة الموصل) لە باکور, لە قادسیە لە ڕۆژئاواوە تا حەلوان لە ڕۆژهەڵات (الاصطخري, ١٨٧٠م, ص ٧٨-٧٩ ؛ ابن حوقل, ١٩٩٢م, ٢٣١/١ ؛ مجهول, ١٩٩٩م, ص١٥٩ ؛ البغدادي, ١٩٥٤, ٩٢٦/٢) گەرچی (موصل)ە بە یەکێك لە شارە گرنگەکانی هەرێمی جەزیرە ئەژماردەکرا (ابن خرداذبة, ١٨٨٩م, ص٢٤٥ ؛ القزويني, د.ت, ص٣٥١, العمري, ٢٠١٠م, ٥٠٥/٣). هەرێمی عێراق, بەپێی سنوورەکانی هاوچەرخ باشورو ناوەراستی کۆماری عێراق و بەشێك لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەگرێتەوە.

[2]دینار: دراوێکی زێربووەو کە یەکسانبووە بە یەك مسقاڵی زێڕ، واتە (4،25) گرام. محمد، ٢٠٠١م، ص١٩.

[3] سرسام: ئەم نەخۆشیە بریتییە لە ئاوسانی پەردەی مێشک، زۆر نیشانەی هەیە، لەوانە, تای بەردەوام، سەرئێشە، قورسبوونی سەروچاو و تێکچوونی بیروهۆش. الخوارزمي، ١٩٨٩م، ص١٨٦ ؛ مصطفى و آخرون، ٢٠٠٤م، ص٤٢٧. کە لە زانستی پزیشکی هاوچەرخ پێی دەڵێن (لیثرغس – Leahergus).

[4] المغيرة بن شعبة: یەکێکبووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ)، لە سەردەمی خیلافەی راشیدیدا والی کوفە و بەصرە بووە، (معاوية بن أبي سفيان) کردیە والی شاری کوفە، تا مردنی لەو پۆستەدا مایەوە. الذهبي، ٢٠٠٦م، ٢١/٣-٣٢.

[5]ماشرا: برینێکە لە دەموچاو کە بەهۆی هەوکردنی خوێنەوە دروستدەبوو. السيوطي، ٢٠٠٤م، ص١٩٠.

[6]بەتائیح: زەوییەکی فراوانبوو، شوێنەکەی لە نێوان واسط و بەصرە بوو. ياقوت الحموي، ١٩٧٧م، ٤٥٠/١٠.

[7]عەبادان: دوورگەیەکبوو دەکەوتە خوارووی بەصرەوە بە دوازدە فەرسەخ. ابن خرداذبة، ١٨٨٩م، ص٦٠ ؛ القزويني، د.ت، ص٤١٩.

[8] گەز: بریتیبوو لە درێژی نێوان ئانیشك تا کۆتایی پەنجەی ناوەنجی، ڕێبازە فقهییەکان بۆچوونیان جیاوازبوو لەسەر درێژییەکەی، لە لای حەنەفییەکان یەکسانبوو بە (46،375 سم)، لە لای مالکییەکان یەکسانبوو بە (53 سم)، لە لای شافیعی و حەنبەلییەکان یەکسانبوو بە (61،834 سم). محمد، ٢٠٠١م، ص٥٠.

[9]ڕیتڵ: کێشەکەی بەپێی ناوچە جیاوازەکانی ئەو سەردەمە گۆڕاوە، ڕیتڵ = 128 درهەم، ڕیتڵ = 128 * 2،3328 = 298،5984 گرام. بە واتایەکی تر، ڕیتڵ = 130 درهەم، ڕیتڵ = 130 * 2،3328 = 303، 264 گرام. حلاق، ٢٠٠٧م، ص١٧١ ؛ محمد، ٢٠٠١م، ص٢٩.

[10]قورج: ڕووبارێکبوو لە نێوان قاتول و بەغداد، هەر کاتێك ئاوی زۆر دەبوو بەغداد مەترسی نقومبوونی لەسەر بوو، بۆیە خەڵکی بەغداد بە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا بەربەستی ڕووبارەکە پتەوبکەن. ياقوت الحموي، ١٩٧٧م، ٤١٢/٤ ؛ البغدادي، ١٩٥٤م، ١١٣٢/٣.

[11] أيتكين السليماني، لەو کاتەدا پلەی شوحنە (بەرپرسی ئاسایش)ی بەغداد هەبووە، لەساڵی (474ك/1081ز)دا لە عوکبەرا مرد. ابن الأثير، ٢٠١٢م، 8/٢٢٨ ؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣م، 19/٣٥٧.

عوکبەرا: شارۆچکەیەکی ئاوەدانبوو، شوێنەکەی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی بەغداد بوو. مجهول، ١٩٩٩م، ص١٦١.

[12]نەخۆشخانەی (العضدي): ئەم نەخۆشخانەیە لە لایەن (عضد الدولة)ی بوەیهی، کە ناوی فەناخەسرەو کوڕی حەسەن کوڕی بوەیەی دەیلەمی بوو، کە فەرمانڕەوایی لە عێراق و هەرێمی فارس دەکرد، لە ماوەی نێوان ساڵانی (367-372ك/977-982ز)، دروستکرا، بڕوانە: ابن أبي أصيبعة، د.ت، ص٣٢٩ ؛ الذهبي، ١٩٩٠م، ٥٢٣/٢٦ ؛ الذهبي، ٢٠٠٦م، ٢٥٠/١٦ ؛ عيسى، ١٩٨١م، ص١٨٧-١٩٧.

[13]ڕووباری عیسا: ئەم ڕووبارە لە شاری ئەنبار دەردەچوو تا دەگەیشتە بەغداد، دەڕژایە ئاوی دیجلە لە خوارووی واسط . ابن خرداذبة، ١٨٨٩م، ص٢٣٤ ؛ مجهول، ١٩٩٩م، ص٦٢ ؛ البكري، د.ت، ٨٣١/٣.

[14]ڕووباری تامەرا: ڕووبارێکی گەورە بوو و دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی بەغداد. البغدادي، ١٩٥٤م، ٢٥٠/١.

[15]کارە: واتا (الكر) = 60 قەفیز، قەفیز = 12 صاع، کەواتە 12 * 60 = 720 صاع، کەواتە کارە یەکسانبوو بە = 1566،72 کیلۆگرام. حلاق، ٢٠٠٧م، ص١٠٨-١٠٩.

[16]قوتابخانەی (النظامية): ئەم قوتابخانەیە لەساڵی (459ك/1066ز)دا لە بەغداد، لەلایەن (نظام الملك 408 - 485 ک/1018-1092ز)ی وەزیری سوڵتان ئەلب ئەرسەلان و مەلیك شاهی سەلجوقی, دروستکرا. الصفدي، ٢٠٠٠م، ٧٧/١٢ ؛ المقريزي، ١٤١٨هـ، ١٩٩/٤.

[17]نەهرەوان: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە نێوان بەغداد و واسط لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، بە چوار فەرسەخ دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی بەغدادەوە. القزويني، د.ت، ص٤٧٢ ؛ الحميري، د.ت، ص٥٨٢.

[18]قیراط: بەشێکبوو لە دینار، قوتابخانە فقهییەکان بۆچوونیان جیاواز بوو دەربارەی کێشەکەی، لە لای حەنەفیەکان، قرات = (20/1)ی دینار، بە مانای ئەوەی = 4،25

÷ 20 = 0،2125 گرام، لە لای زانا فقهییەکان، (24/1)ی دینار، کەواتە قیرات = 4،25 ÷ 24 = 0،1771 گرام. عبد الجواد، ٢٠١٢م، ص١٥-١٦ ؛ محمد، ٢٠٠١م، ص٢٣.

(19) قەفیز: ڕێبازە فقهییەکان بۆچوونیان جیاواز بوو دەربارەی کێشەکەی, لە لای شافعییەکان: 12=صاع، کەواتە قەفیز: 2،04 * 12 = 24،480 کیلۆگرام. محمد، ٢٠٠١م، ص٣٩.

صاع: پێوەری خەڵکی مەدینە بوو کە یەکسانبوو بە چوار أمداد، پێوەری صاع لە لای حەنەفییەکان: (812،5 * 4 = 3،25) کیلۆگرام، لە لای زانا فقهییەکان: (510 *4 = 2،04) کیلۆگرام. کربوع، ٢٠١٣م، ص١١٦ ؛ محمد، ٢٠٠١م، ص٣٧.

المد: یەکسانبوو بە پڕی دوو دەستی مامناوەند بەبێ گرتن، لە لای حەنەفییەکان، المد یەکسانبوو بە دوو ریتڵی عێراقی، کەواتە المد: (406،25 * 2 = 812،5) گرام، لە لای زانا فقهییەکان (المد = 510) گرام. محمد، ٢٠٠١م، ص٣٦.

(20)درهەم: دراوێکی زیوی بوو، کێشەکەی لە لای حەنەفییەکان یەکسانبوو بە (3،125) گرام، لە لای زانا فقهییەکان یەکسانبوو بە (2،975) گرام. عبد الجواد، ٢٠١٢م، ص١٢ ؛ محمد، ٢٠٠١م، ص١٩.

(21)ابن حمدي: چەتە و دزێکی ناودار بوو، ماڵ و سامانی خەڵکی بەتاڵان دەبرد، تەنانەت خانووی خەڵکی دەسووتاند، ئەوەبوو لە لایەن (أبا العباس الديلمي) فەرماندەی پۆلیسی بەغداد کوژرا. الذهبي، ١٩٩٠م، ١٢/٢٥.

(22) ابن شیرزاد: ناوی ئەبو جەعفەری کوڕی موحەمەدی کوڕی یەحیای کوڕی شێرزادە، لە سەردەمی خەلیفە (المستكفي بالله) (333-334ك/ 944-945ز)دا خۆیکرد بە میری میران، سێ مانگ و بیست ڕۆژ لەو پلەیە مایەوە، بوەیهییەکان کۆتاییان بەدەسەڵاتی هێنا, و لەساڵی (358ك/968ز)دا لە شاری ڕەی مرد. ابن العمراني، ١٩٩٩م، ص١٧٦ ؛ ابن الأثير، ٢٠١٢م، 7/١٥٦،٢٨٩.

(23)مەکوك: یەکسانبوو بە صاعێک و نیو (1،5)، مەکوك = 1،5 * 2176 = 32،64 گرام، و مەکوك = 2،024 لیتر. حلاق، ٢٠٠٧م، ص١٢٣.

## لیستی سەرچاوە و ژێدەر:

### یەکەم: سەرچاوە:


ابن الأثير: عز الدين أبو الحسن علي بن محمد بن محمد (ت 630هـ/1232م).

الكامل في التاريخ, تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري, ط1, دار الكتاب العربي, (بيروت:1997م).

الاصطخري: أبو اسحاق إبراهيم بن محمد (ت346هـ/957م).

المسالك والممالك, مطبعة بريل, (ليدن:1870م).

ابن أبي أصيبعة, أحمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي موفق الدين، أبو العباس (ت 668هـ/١٢٦٩م)

عيون الأنباء في طبقات الأطباء, تحقيق: الدكتور نزار رضا, دار مكتبة الحياة, (بيروت: د.ت).

البغدادي: صفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق (ت 739هـ/1338م).

مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع, تحقيق: علي محمد البجاوي, ط1, دار المعرفة, (بيروت:1954م).

البكري: أبو عبيد عبدالله بن عبدالعزيز بن محمد الأندلسي (ت 487هـ/1094م).

معجم ما استعجم من أسماء البلاد والمواضع, تحقيق: مصطفى السقا, عالم الكتب, (بيروت:د.ت).

ابن الجوزي: جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت 597هـ/1200م).

المنتظم في تاريخ الأمم والملوك, تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا, ط2, دار الكتب العلمية, (بيروت:1995م).

الحميري: أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن عبدالمنعم (ت 900هـ/1494م).

الروض المعطار في خبر الأقطار, تحقيق: إحسان عباس, مكتبة لبنان, (بيروت:د.ت).

ابن حوقل: أبو القاسم محمد البغدادي الموصلي (ت بعد 367هـ/977م).

صورة الأرض, دار مكتبة الحياة, (بيروت:1992م).

ابن خرداذبة: أبو القاسم عبيد الله بن عبدالله ( ت نحو 280هـ/893م)

المسالك والممالك, دار صادر, (بيروت:1889م).

الخوارزمي, أبو عبدالله محمد بن أحمد بن يوسف (ت 387هـ/997م).

مفاتيح العلوم, تحقيق: إبراهيم الأبياري, ط2, دار الكتاب العربي, (بيروت:1989م).

الذهبي: شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان (ت 748هـ/1347م).

تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام, تحقيق عمر عبدالسلام التدمري, ط2, دار الكتاب العربي, (بيروت:1990م).

سير أعلام النبلاء, تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف شعيب الأرناؤوط, دار الحديث, (القاهرة:٢٠٠٦م).

ابن رسته: أبي علي احمد بن عمر (ت 290هـ/902م)

الاعلاق النفيسة, مطبعة بريل, (ليدن:1893م).

سبط ابن الجوزي, شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قزاوغلي (ت 654هـ/1256م).

مرآة الزمان في تواريخ الأعيان, تحقيق: محمد بركا واخرون, شركة الرسالة العالمية, (دمشق:2013م).

ابن سيده, أبو الحسن علي بن إسماعيل بن سيده المرسي (ت 458هـ/١٠٦٥م)

كتاب المخصص, المحقق: خليل إبراهم جفال, ط١, دار إحياء التراث العربي, (بيروت:١٩٩٦م).

السيوطي: عبد الرحمن بن أبي بكر, جلال الدين (ت 911هـ/١٥٠٥م)

معجم مقاليد العلوم في الحدود والرسوم, تحقيق: محمد إبراهيم عبادة, ط1, مكتبة الآداب, (القاهرة: 2004م).

شيخ الربوة, شمس الدين أبي عبدالله محمد أبي طالب الانصارى الدمشقي (ت ٧٢٧هـ/١٣٢٧م)

نخبة الدهر في عجائب البر والبحر, مطبعة الاكاديمية الامبراطورية, (بطرسبورغ:١٨٦٥م)

الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك (ت 764هـ/1362م).

الوافي بالوفيات, تحقيق: أحمد الأرناؤوط و تركي مصطفى, دار إحياء التراث, (بيروت:2000م).

الطبري, محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي (ت 310هـ/922م),

تاريخ الطبري = تاريخ الرسل والملوك, تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم, ط2, دار المعارف, (القاهرة:1967م).

ابن العمراني: محمد بن علي بن محمد (ت 580هـ/1184م).

الإنباء في تاريخ الخلفاء, تحقيق: قاسم السامرائي, ط1, دار الآفاق العربية, (القاهرة:1999م).

العمري: شهاب الدين أحمد بن يحيى ابن فضل الله (ت 749هـ/1348م).

مسالك الأبصار في ممالك الأمصار, تحقيق: كامل سليمان الجبوري, ط1, دار الكتب العلمية, (بيروت:2010م).

الفراهيدي: أبو عبدالرحمن الخليل بن أحمد بن عمرو بن تميم (ت 175هـ/791م).

كتاب العين, تحقيق: مهدي المخزومي وإبراهيم السامرائي, دار ومكتبة الهلال, (بيروت:د.ت).

ابن قتيبة: أبو محمد عبد الله بن مسلم بن قتيبة الدينوري (ت 276هـ/٨٨٩م)

غريب الحديث, المحقق: د. عبد الله الجبوري, ط١, مطبعة العاني, (بغداد:١٣٩٧هـ).

القرطبي, عريب بن سعد (ت 369هـ/٩٧٩م).

صلة تاريخ الطبري, ط2, دار المعارف, (القاهرة:1967م).

القزويني: زكريا بن محمد بن محمود (ت 682هـ/1283م).

آثار البلاد وأخبار العباد, دار صادر, (بيروت:د.ت).

مجهول: مؤلف (ت بعد 372هـ/982م).

حدود العالم من المشرق إلى المغرب, محقق و مترجم عن الفارسية : يوسف الهادي, ط1, الدار الثقافة للنشر, (القاهرة:1999م).

مسكويه: أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب (ت 421هـ/1030م).

تجارب الأمم وتعاقب الهمم, تحقيق: أبو القاسم إمامي, ط2, دار سروش, (طهران:2001م).

المقريزي: تقي الدين أبو العباس أحمد بن علي بن عبدالقادر (ت 845هـ/1441م).

المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار, ط1, دار الكتب العلمية, (بيروت:1418هـ).

ابن منظور: محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (ت 711هـ/١٣١١م)

لسان العرب, دار صادر, (بيروت:١٤١٤هـ).

ياقوت الحموي: شهاب الدين بن عبدالله الرومي البغدادي (ت 626هـ/1228م)

معجم البلدان, دار صادر, (بيروت:1977م).

## دووەم: ژێدەر:

**-بە زمانی عەرەبی:**

حسين: محسن محمد

بحوث في التأريخ الكردي, حول: اربيل.. صلاح الدين يوسف.. ابن الأثير.. وغيرها, مطبعة الحاج هاشم, (اربيل:2012م).

حلاق: محمد صبحي بن حسن

الإيضاحات العصرية للمقاييس والمكاييل والأوزان والنقود الشرعية, ط1, مكتبة الجيل الجديد, (صنعاء:2007م).

سعداوي: نظير حسان

المؤرخون المعاصرون لصلاح الدين الأيوبي, مكتبة النهضة المصرية, (القاهرة:1962م).

عقيلي: محمد عياد

مخاطر الجفاف والتحصر والظواهر المصاحبة لهما, ط١, دار الكتب العربية, (بنغازي:٢٠٠٣).

عيسى: أحمد

تاريخ البيمارستانات في الإسلام, ط2, دار الرائد العربي, (بيروت:1981م).

محسوب: محمد صبري و أرباب: محمد إبراهيم

الأخطار والكوارث الطبيعية الحدث والمواجهة معالجة جغرافية, ط١, دار الفكر العربي, (القاهرة:١٩٩٨م).

محمد: علي جمعة
المكاييل والموازين الشرعية, ط2, القدس للإعلان والنشر والتسويق, (القاهرة:2001م).
مصطفى: إبراهيم و أخرون
المعجم الوسيط, ط4, مكتبة الشروق الدولية, (القاهرة:2004م).

**-به زمانی کوردی:**

ابو سمور: حسن و غانم: علي
دەروازەیەک بۆ زانستی جوگرافیای سروشتی, و: ئوسامە ئەشرەف محمد هەڵەبجەیی, چاپخانەی نارین, (سلێمانی:٢٠١٢ز).
غانم: علی ئەحمەد
جوگرافیای ئاو و هەوا, و: گۆران رەشید ئیمامی, چ١, پرۆژەی تیشک, (د.م:٢٠٠٩ز).
هەروتی: مەهدی عوسمان
نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان لە سەدەکانی ((٦-٨ ك /١٢-١٤ ز), چاپخانەی روژهەڵات, (هەولێر:٢٠١٥ز).

**سێیەم: نامەی زانكۆیی بڵاونەكراوە:**

عبدالجواد: شرين ثابت حسني
الفاظ المقادير في العربية "دراسة في البنية والدلالة" رسالة ماجستير, كلية الدراسات العلية, جامعة النجاح, (نابلس:2012م).
كربوع: مسعود
نوازل النقود والمكاييل والموازين في كتاب المعيار للونشريسي – جمعا ودراسة وتحليلا, رسالة ماجستير, كلية العلوم الاجتماعية والانسانية والاسلامية, جامعة الحاج لخضر, (باتنة:2013م).

**چوارەم: گۆڤار:**

بدر: محمد عبدالمحسن
القواعد الأصولية المتعلقة بالحكم الشرعي وأثرها في الأوبئة والأمراض المعدية (وباء كرونا نموذجا), مجلة البحوث الفقهية والقانونية, ع٣٦, (القاهرة:٢٠٢١م).
عبدالله: عزة أحمد
إدارة الكوارث الطبيعية مع تطبيقات على الزلازل والسيول, مجلة كلية التدريب والتنمية, ع٩, (الزقازيق:٢٠٠٣م).

## الكوارث الطبيعية في العراق من خلال كتاب (الكامل في التاريخ) المؤرخ (ابن الأثير ت: 630هـ/1233م)

الخلاصة

هذه الدراسة بعنوان ((الكوارث الطبيعية في العراق من خلال كتاب (الكامل في التاريخ) للمؤرخ (ابن الأثير ت: 630هـ/1233م) )), قام المؤرخ المذكور بذكر الكثير من الكوارث الطبيعية في العراق, ومن تلك المصائب التى تم ذكرها, ومنها الجفاف وشح الامطار حيث تسبب بحدوث بارتفاع الاسعار المواد الغذائية التي تسببت باعداد كبيرة من الضحايا. ومن الكوارث الاخرى انتشار الاوبئة والامراض التى تسببت بخسائر فادحة في الارواح.

وكذلك ذكر ابن الاثير بعض الكوارث الاخرى التي تسببت بأضرار كبيرة لسكان العراق, مثل, تساقط كثيف للبرد والثلوج, حيث ادت الى تلف المحاصيل الزراعية وفقدان الارواح في بعض الحالات. وفي كثير من الاحيان تسببت الفيضانات والعواصف بكوارث جسيمة, وجراء تلك الفيضانات والعواصف دمرت اعداد كبيرة من المباني وممتلكات السكان و كذلك وصل الامر الى حد وقوع خسائر بشرية.

وقد ذكر (ابن الأثير) عددا من الاحداث الاخرى التي تسببت بكوارث كبيرة في العراق, مثل الكوارث الناجمة عن الزلازل والهزات الارضية, وبعض الكوارث الاخرى وقعت بسبب الغلاء والمجاعات, ووصل تأثيرات تلك الكوارث الى حد اكل لحوم البشر, وبطبيعة الحال كانت هناك اعداد كبيرة من الضحايا.

***الكلمات المفتاحية:*** الغلاء – الجفاف – الزلازل – العواصف – الثلوج – الحرائق – الأوبئة

# NATURAL DISASTERS IN IRAQ THROUGH THE BOOK (AL KAMIL FI AL-TARIKH) HISTORIAN (IBN AL-ATHEER) (D: 630 AH / 1233 AD)

SHIMAL HAMEED MOHAMMED and CHIMAN HISHYAR MUHI
Dept. of History, College of Humanities, University of Duhok, Kurdistan Region-Iraq

## ABSTRACT

**This study is entitled ((Natural Disasters in Iraq through the book (Al-Kamil fi Al-Tarikh)) by the historian (Ibn Al-Atheer: 630 AH / 1233 AD)). Drought and lack of rain, which caused a rise in food prices Which caused a large number of victims.. Another disaster is the spread of epidemics and diseases that have caused huge loss of life.**

**Ibn al-Athir also mentioned some other disasters that caused great damage to the population of Iraq, such as heavy hail and snowfall, which led to damage to agricultural crops and loss of lives in some cases. In many cases, floods and storms caused major disasters, and as a result of those floods and storms, large numbers of buildings and properties of the population were destroyed, and the matter also reached the point of human losses.**

**Ibn al-Atheer mentioned a number of events that caused great disasters in Iraq, such as disasters caused by earthquakes and earthquakes. And some other disasters occurred due to high prices and famine, and the effects of these disasters reached the point of cannibalism, and of course there were large numbers of victims.**

***KEY WORDS:*** high prices - drought – epidemics - earthquakes - storms – snow.